زیندانیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەترسی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی لەسەرە



لەگەڵ زیادبوونی نیگەرانییەکان سەبارەت بە مەترسی لەسێدارەدانی ڕەزا ڕەسایی، زیندانی کوردی یارسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەکخراوی لێبوردەیی نەودەوڵەتیی لە بەیاننامەیەکدا داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی ئەو زیندانییە دەکات کە لە دوایین خێپیشاندانەکانی دوای گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی دەستگیرکراوە.

ڕەزا ڕەسایی لە کۆتاییەکانی ساڵی 2022 لە میانەی بەشداری لە ناڕەزایەتییەکانی ناسراو بە "ژن، ژیان، ئازادی" دەستبەسەر کرا و لە مانگی نەی ساڵی ڕابردوودا بە تۆمەتی بەشداری لە کوشتنی بە ئەنقەستی نادر بەیرامی، بەرپرسی ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی شاری سەحنەی پارێزگای کرماشان، لەلایەن دادگای تاوانەکانی کرماشانەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا و سزاکەی لە سەرەتای مانگی یەک لەلایەن دادگای باڵای ئێرانەوە پشتڕاستکرایەوە.